وەزارەتی بەرگری تورکیا داوای لە (هەسەدە) کرد کە پابەندی هێکەوتنی یەکگرتن لەگەڵ دیمەشق بێت

وەزارەتی بەرگری تورکیا ، پەیامێکی ئاراستەی هێزکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) کرد،جەختیکردەوە کە دەبێت هەسەدە پابەندی هێکەوتنی یەکگرتن لەگەڵ دیمەشق بێت.

وەزارەتی بەرگری تورکیا لەو بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە، چاوەڕوان دەکات هێزکانی سوریای دیموکرات بەپێلە پابەندی هێکەوتنی یەکگرتن لەگەڵ حکومەتی سوریا ڕابگەیەنێت، ئەو "لەدوانەی جوداخوازانە" کە لەلایەن هێکخراوەکەوە لە کۆنفرانسکێیدا لە حەسەکە لە 8ی (ئاب/8) ڕاگەیەندرا، پێچەوانەی ئەو هێکەوتنەیە کە لەگەڵ دیمەشق واژۆکراوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لەکاتێکدا حکومەتی سوریا هێرشبازێکی هەمەلایەنە و یەکگرتو نیشاندەدات کە ئامانجی کۆتاییهێنانە بە هەمو دابەشکارییە نێتوویی و ئایینی و تائیفییەکان لەناو وڵاتەکەدا، "هەڕەسوکەوتی ئیستفزازی و دابەشکاری هێکخراوی هەسەدە هێگری لەو پرسیە دەکات".

وەزارەتەکە باسی لەوەکردوە، بانگەوازەکەی حکومەتی سوریا بە "یەک دەوڵەت، یەک سوپا" زێر گرنگە بە گەیشتن بە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا کە لەمێژە چاوەڕوان دەکرێت، چاوەڕوانیی خۆی دوپاتکردەوە لە پابەندبونی تەواو بەو هێکەوتنەی لە نێوان دیمەشق و هێزکانی سوریای دیموکرات لە

8ی ئازاردا واژەکرا و جێبەجێکردنی خەرای لەسەر زەوی، بەشداریکردن لە بنیاتنانی سوریایەکی سەقامگیر و ئارام و ئەمن و دور لە تیرۆر.

وەزارەتی بەرگری تورکیا ڕونیشیکردەوە، لە سەرەتاوە بەرگری لە "یەکەتی سیاسی سوریا و یەکپارچەیی خاکی سوریا" کردوە و بەردەوامیش دەبێت لە پاڵپشتیکردنی، واژەکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی هاوبەشی مەشق و هاوڕکاری دوێنێ نوێنەرایەتی هێنگاوکی گرنگ لە ڕێگای هاوکاریی نێوان هەردو وڵاتدا.

ئەوەشی خستەڕو، تورکیا ئیرادەی خۆی بۆ پاڵپشتیکردنی سوریا لە شێوەی دژی تیرۆر و بەهێزکردنی تواناکانی بەرگری و ئەمنی دوپاتدکاتەوە، وەزیرانی بەرگری تورکیا و سوریا لە 13ی ئابی 2025 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی هاوبەشیان واژەکردوە، کە ڕێنگدانەوەی بەهێزبونی هاریکاری سەربازی و ئەمنی نێوان هەردو وڵاتە.